# مانگی ڕەجەب: مانگێکە وەک هەموو مانگی تر

[ kurdish – کوردی – كردي ]

ئامادەکردنی : هێمن عبد العزيز

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( شهر رجب كغيره من الشهور )

« باللغة الكوردية »

إعداد : هيمن عبد العزيز

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# مانگی ڕەجەب: مانگێکە وەک هەموو مانگی تر

ئاشکرایە کەخوای وەدیهێنەرو دروستکەر لەبوونەوەرو دروستکراوی خۆیدا هێندێشتی فەزڵداوە بەسەر هێندێ شتی تردا، وەك چۆن لەنێو ڕیزی پڕواداران هێندێکی بەباشتر وەسەر هێندێکان داوە، لەپێغەمبەرانیش هێندێپێغەمبەر بەسەر هێندێکان بەچاکتر گێراوە، دیارەسەبارەت بەمانگ و بەڕۆژو بەساڵیش بەهەمان جۆر فەزڵی هێندێکی داوەبەسەر هێندێکان، ئەوەی کەلەم باسەشدا مەبەستمانەقسەی لەسەر بکەین، باس کردنەلەمانگێك لەو مانگانەی کەخوا ڕیزی بەسەر مانگانی تر جگەلەسێ مانگەکەی تر داوە، کەئەویش مانگی ڕەجەبە.

هەقیقەتی ئەمەش لەم ئایەتەدا وەدیارەدەکەوێت، ئەم ئایەتەیەکەدەفەرموێت: إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِندَ اللّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْراً فِي كِتَابِ اللّهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَات وَالأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ فَلاَ تَظْلِمُواْ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمْ (التوبة: ٣٦) ، واتە: لەو ڕۆژەوەخوا ئاسمان و زەوی داهێناوە، نووسیویەتی ژمارەی مانگەکان دوازدەن، لەچواریاندا شەڕ دەوەستێ، لەمانەدا ناهەقی لەخۆتان مەکەن. دیارەئەم مانگانەش بەپێی میقداری ڕۆیشتنی مانگ وەدیار دەکەوێ و دەستنیشان دەکرێت، نەك بەپێی ڕۆیشتنی خۆر، وەك بێباوەڕان پشتی پێ دەبەستن.

مانگەحەڕامەکانیش هەر لەم ئایەتەی پێشوو دەستنیشان کراوە، هەر چەند ناوەکانیان دەستنیشان نەکراون، بەڵام ئەوەی هەیەلەسوننەتی پێغەمبەرە(صلی الله علیه وسلم) کەناویان هاتووەو ئاماژەیان پێکراوە.

هەروەك لەئەبی بەکرە(خوا لێی ڕازی بێت) دەگێرنەوەکەوا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لەحەجی ماڵئاوایی دا فەرمووی: (زەمانەئەگەڕێتەوەبەچەشنی ئەم ڕۆژەی کەخوا ئاسمانەکان و زەوی تیا درووست کرد، ساڵ تیایدا دوازدەمانگەو، چوار

لەنێویاندا مانگی حەڕامە، سێیان یەك وەدوای یەكەوەدێن، ئەوانیش بریتین لەزولقەعیدەو زولحیججەو موحەڕەم و ڕەجەبی موزەڕ كەكەوتۆتەنێوان هەردوو جەمادەكەو شەعبان) (رواه البخاري رقم /١٧٤١ في الحج باب الخطبة أيام منى ، ورواه مسلم رقم /١٦٧٩)

شیاوی باسەكەبەڕەجەب ئێژن موزەڕ (مضر) چونكەئەوان ئەم مانگەیان زۆر بەگەورەئەگرت بەپێچەوانەی ئەوانی تر.

**هۆكاری ناونانی ڕەجەب:**

ئیبنوفارس لە(معجم مقاييس اللغة /ص: ٤٤٥) دەڵێت:

ڕەجەب: پیتەكانی (ڕا و جیم و با) بنەڕەتێكەبریتییەلەپاڵپشتی كردنی شتێك لەشتێك و بەهێزكردنی، بۆیەكەدەڵێن: (رجبت الشيء أي عظّمته) ، واتە: بەگەورەی گرت، بۆیە پێی گوتراوە: ڕەجەب، چونكەشەریعەت و بەرنامەی خوا بەگەورەی گرتووە.

بەیهەقی دەڵێت: نەفامانی پێشوو ئەم مانگەیان بەگەورەدەگرت، بەتایبەت لەمانگی ڕەجەب شمشێرەكانیان دا ئەناو شەڕیان تیا نەدەكرد.

**ڕەجەب یەكێكەلەحەڕامەكان (اشهر الحرم):**

بێگومان مانگەحەڕامەكان مەكانەت و پێگەیەكی بەرزو بڵندیان هەیە، كەیەكێك لەمانگەكان ئەو مانگی ڕەجەبەیە، خوای گەورەدەفەرموێت: يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تُحِلُّوا شَعَائِرَ اللَّهِ وَلا الشَّهْرَ الْحَرَامَ (المائدة: ٢) واتە: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوەدەستكاری درووشمەكانی خوا مەكەن و هەڵی مەوەشێننەوەو سنووری مانگەحەڕامەكان تیایدا مەبەزێنن.

یانی ئەو شتانەی كەخوا لەبەر گەورەییان حەڕامەكانی تیا حەڕام كردووە، ئێوەحەڵاڵی مەكەن، وەبەرهەڵستی كردوون لەوەكەكاری خراپ و ئەتوارو خوخدەی ناپەسەندی تیا ئەنجام بدەن.

خوای گەورەدەفەرموێت: فَلا تَظْلِمُوا فِيهِنَّ أَنْفُسَكُمْ (التوبة: ٣٦) ، واتە: لەنێویاندا ستەم لەنەفسی خۆتان مەكەن.

**شەڕكردن لەمانگەحەڕامەكان:**

دیارەوەك باسمان کرد، کەخوا ناوی لەم چوار مانگەناوەبەمانگی حەڕام، ئەوەدیارەحەڕامی کردووەکەهەتا شەڕیشی تیا بکرێت. وەك خوای گەورەدەفەرموێت: يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ (البقرة: ٢١٧) . واتە: لێت دەپرسن: تووشی شەڕبوون لەمانگی شەڕبەسا چۆنە؟ بێژە: شەڕ لەهەیقی وادا گوناهێکی زۆر گەورەیە. هەرچەندجەماوەری زانایان یەکدەنگن لەوەکەشەڕکردن لەمانگەحەڕامەکان نەسخ بۆتەوەبەئایەتی فَإِذَا انْسَلَخَ الْأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدْتُمُوهُمْ (التوبة: ٥ ) واتە: هەرکەمانگەحەڕامەکان بڕانەوە، ئەو بوت پەرستانەلەکوێ وەدەس کەوێ، لەگرتن و بەندکردن و کوشتنیان دەس مەپارێزن و بۆشەیان بۆ بنێنەوە. هەڵبەت زانایان بۆ بەنەسخ ناسینی ئەم ئایەتەپشتیان بەوەبەستووە، کەوا پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) شەڕی لەگەڵئەهلی تائیف کرد، لەکاتێك کەئەو مانگەمانگی (ذي القعدة) بوو، کەیەکێکەلەمانگەحەڕامەکان.

وەهێندێکی تر دەڵێن: درووست نییەکەپرواداران لەمانگی حەڕامدا دەستپێشخەر بن لەشەڕدا.

هێندێکێش دەڵێن: درووستە، بەڵگەشیان ئەو شەڕەی تائیف بوو کەپێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هەڵیگیرساند لەدژی ئەهلی تائیف. کەئەوان کاتی خۆی لەمانگی شەووالدا لەدژی مسوڵمان هێرشیان کردو شەڕیان لەگەڵدا کردن.

**قوربانی سەربڕین تیایدا:**

عەڕەبەنەفامەکانی پێشین لەمانگی ڕەجەبدا قوربانییان سەردەبڕی تا لەبوتەکانیان نزیك ببنەوە!

کاتیێکەئیسلام هات هەموو ئەو قوربانییانەی نەفامی کەسەر ئەپران پووچی کردنەوە. هەر چەند زانایان ناکۆکن لەسەر حوکمی قوربانی سەربڕین لەمانگی ڕەجەبدا، جەماوەران لای حەنەفییەکان و مالیکی و حەنبەلییەکان دەڵێن: کاری عەتیرەنەسخ بۆتەوەبەپێی فەرمایشتی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم) کەفەرموویەتی: (لا فرع ولا عتيرة) (رواه البخاري ومسلم من حديث أبي هريرة) .

بەڵام شافعییەکان دەڵێن: نەسخ نەبۆتەوەبگرەموستەحەببە، کەئەمەشیان قسەی ئیبنو سیرینە.

ئیبنوحەجەر (بەڕەحمەتبێت) پشتگیری لەم ڕایەی شافعییەکان کردووە، ئەویش پشتی بەم فەرموودەبەستووەکەئەبووداوودو نەسائی و ئیبنوماجەلەنوبەیشە(خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوەو حاکم و ئیبنو مونزیر تەسحیحیان کردووەکەیارانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بەپێغەمبەریان فەرموو: (إنا كنا نعتر عتيرة في الجاهلية في رجب فما تأمرنا . قال : اذبحوا في أي شهر كان ...) واتە: ئێمەلەنەفامیی لەمانگی ڕەجەب قوربانیمان سەردەبڕی، ئەی ئێستا فەرمانی چیمان پێدەکەیت؟ ئەویش فەرمووی: سەربڕین لەهەر مانگێك کەدەتانەوێت.

## ڕۆژوو لەمانگی ڕەجەبدا:

شتێکی تایبەت بەفەزڵی بەڕۆژو بوونی مانگی ڕەجەب نەلای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و نەلای یارانی، نەهاتووەو باس نەکراوە. بگرەئەگەر مەسەلەی ڕۆژوو گرتن باس کرابێت، ئەوەبۆ هەموو مانگەکان وەك یەك هاتووە. ئەویش ڕۆژانی دووشەممەو پێنجشەممەو ڕۆژەسپییەکان و ڕۆژێك نا ڕۆژێك و یەکەم یا ناوەڕاست یاخود ئاخری مانگەکان.. هتد کەلەسوننەتدا هاتوون.

بۆیەعومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) نەهی کردووەکەلەمانگی ڕەجەبدا بەڕۆژوو بیت، چونکەدەیگوت: ئەمەخۆچواندنەبەنەفامی، هەروەك خەرشەی کوڕی حور، دەڵێت: عومەرم بینی دەستی ئەوانەی دەگرت کەلەمانگی ڕەجەب بەڕۆژوون و دەخستەنێو خواردنەوەپێی دەگوتن: بخۆن، چونکەئەو مانگەمانگێکەنەفامان بەگەورەیان دەگرت. (الإرواء ٩٥٧ وقال الألباني : صحيح) .

هەروەها ئبینولقەییم (بەڕەحمەتبێت) دەڵێت: سێ مانگەکەی (ڕەجەب و شەعبان و ڕەمەزان) بێپچڕانەوەلەسەر یەك بەڕۆژوو نەبووە، هەروەك هێندێلەخەڵکی دەیانکرد، وەلەمانگی ڕەجەبیشدا قەت بەڕۆژوو نەبووەو بەچاکیشی نەزانیوەکەتێیدا بەڕۆژوو بیت.

هەروەها لەفەتوای لیژنەی هەمیشەیی (اللجنة الدائمة) هاتووە: کەدەڵێن: دەربارەی بەتایبەتگرتنی مانگی ڕەجەب بۆ ڕۆژووبوون، هیچ شتێکمان لەشەرعدا بۆ ئاشکرا نەبووە.

## عومرەلەمانگی ڕەجەبدا:

لەفەرمووەکان وارد نەبووە، کەوا پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) لەمانگی ڕەجەب عومرەی کردبێت، هەروەك موجاهید (بەڕەحمەتبێت) بۆمان دەگێڕێتەوە، دەڵێت: من و عوروەی کوری زوبەیر چووینەمزگەوت بینیمان کەوا عەبدوڵای کوری عومەر لەتەك حوجرەی عائیشە(خوا لێیان ڕازی بێت) دانیشتبوو و پرسیاریان لێی دەکرد و دەیانگوت: ئایا پیغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) چەند جار عومرەی کردووە؟ ئەویش دەیفەرموو: چوار جار کەیەکیان لەمانگی ڕەجەبدا بووە. دەڵێت: ئێمەپێمان ناخۆش بوو کەوەڵامی بدەینەوە، لەحوجرەکەش گوێمان لەسیواکەکەی عائیشەدەبوو کەلەدەمودانی وەرئەدا، ئەڵێت: عوروە: گوتی: ئەی دایکی پرواداران، ئایا گوێت لێ نییەکەباوکی عەبدولڕەحمان چی دەڵێت:؟ ئەویش فەرمووی: چی دەڵێت؟ گوتی: دەڵێت: پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) چوار جاران عومرەی کردووەکەیەکیان لەمانگی ڕەجەبدا بووە، ئەڵێ: ئەویش فەرمووی: ڕەحمەتی خوا لەئەبوعەبدولڕەحمان بێت، خۆ عومرەنەبووەکەلەگەڵپێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) دا نەبووبێت، لەکاتێکدا کەپێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) قەت لەمانگی ڕەجەب عومرەی نەکردووە، کەعائیشەوای فەرموو، ئیبنوعومەر ، نەگوتی نا، نەگوتی بەڵێ. (متفق علیە وجاء عند مسلم) .

ئیمامی نەوەوی (بەڕەحمەتبێت) دەڵێت: بێدەنگی ئیبنوعومەر لەئاست نکووڵییەکەی عائیشە، بەڵگەیەلەسەر ئەوەکەوا ئیبنوعومەر ئیشتیبای کردووە، یا لەبیر چووە، یا گومانی بووەبۆ ئەو مەسەلەیە.

---

سسەرچاوە: سایتی دەگی ئیسلام .